
سەماحەتی حەکیم ستایشی دەستکەوتی لاوانی عێراق لە بواری زیرەکی دەستکرد دەکات و پالپشتی بۆ دەستپێشخەری ژمارەیی بۆ ئامانج دووپاتدەکاتەوە



لەمیانەی دیداری لەگەڵ دامەزرێنەری یانەی (بدروشەوە بۆ بەهرەی زیرەکەکان) و یانەی پڕگرام لە پارێزگای نەجەفی پیرۆز بەریز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی نیشتمانی پیرۆزبایی ئەو دەستکەوتە گەورەیە کرد کە یانەی پڕگرامکردن لە پێشبڕکێی (داهێنان) و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەسەر عەرەب لە میانەی کاروچالاکییەکانی پالەوانێتی عەرەبی شازدەهەمین بۆ ڕۆبۆت و زیرەکی دەستکرد کەلە تونس کرا.

بەڕێز حەکیم تێکیدی لەوە کردەوە کە ئەم دەستکەوتە نیشتمانییە نایابە داهێنانی لاوانی عێراق بڕجەستە دەکات و دڵنگدانەوەی توانا بەرزەکانیانە لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای تازەدا، هەورەها جەختی لەسەر گرنگی پاڵپشتیکردنی بەهرەمەندانی گەنج و بەهێندەر کرد، بۆ تایبەتی لە پڕگرامکردن و زیرەکی دەستکرد، لەبەر ئەوەی ئەوان نوێنەرایەتی داهاتوو دەکەن.
سەماحەتی حەکیم لە کۆبوونەوەکەدا باسی دەستپێشخەری پڕۆژەی "هەزار منداڵ و منداڵی دیجیتاڵی" کرد کە لەلایەن "یانەی داهێنان بۆ بەهرەی زیرەکەکان" دەستپێکردووە و ئامانج لێی داهێنانی منداڵان و گەنجانی تەمەن 6 بۆ 15 ساڵە کە بۆ خولێکی لەسەر بنەماکانی پڕگرام داهێنان دەکەن و فێردەبن، بۆ تایبەتی لەبواری ڕۆبۆت و زیرەکی دەستکرد، ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییەش پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشە و داهێنانە و بەهێزکردنی نەوەی داهاتووە بۆ سەرکردایەتی کردنی عێراق لە سەردەمی گەردانی دیجیتاڵیدا.